


دڵشاد حسێن

کەسەکان:

خالید.. وێنەکێشە، تەمەنی 50 ساڵ.. باڵی راستی لە شانیدا براوە.. زۆر ماندووە)

ژیان: تەمەن 25 ساڵ.. خۆشەویستی خالیدە.. نزیکیی هەیە لە ئەدەبەوە.

حەسەن: تەمەنی نزیکەی 45 ساڵ دەبێت، برای خالیدە.

(شوێن: ماڵێکی تابلۆکێشان.. تابلۆیەکی گەورە لە ناوەراستی سەرەوەی شانۆ دانراوە کە هێشتا سپیە، لە هەر دوولای شانۆوە دوو چوارچێوەی تابلۆ بە بێ قوماش دانراوە، کە بووەتە چوارچێوە بۆ کاراکتەری (ژیان، حەسەن..)

(رووناکیدەک لە پشتی تابلۆ گەورەکەوە دادەگیرسێت، سێبەری خالید دەردەکەوێت، ژیان و حەسەن لە ناو چوارچێوەکاندا رو، وەرئەگێرنە خالید)

خالید: ئەوە شارەکەمە.. وا منیش بە تاکە دەستەکەم.. ئەو تابلۆیە هەڵدەگرم، کە 25 ساڵ پێکەوە ژیاین و دواسەفەرم لەگەڵدا ئەکات.. بڵێی ئەمە نیشتمان بێت؟ دایە گەورە دەرگات بکەرەوە و لە ئامێزم گرە.. تاراوگەیی بە سوێیە.. ئەم گەڕآانەوەیە بە ئازارە.. من لە ساڵانی بە ستەڵەک و نەهامەتیدەوە هاتووم، لە شاری بەفرو تەنیاییەوە. بە دەم زامەوە بە پێوە رامەگرە..

ژیان: ئۆ.. خالید هاتیتەوە.. من دەمێکە چاوەڕوانتم، چاوەڕوانم بێیت بەشداریی شاییەکەم بکەیت، ئەبێت بێیت و ئەو تابلۆیەشی بەڵێنت پێدابووم بە دیاری بۆم بێنی

خالید: وا هاتمەوە بۆ ئەوەی وێنەی پارچەکراوی تۆ و شارەکەم پێکەوە بکێشمەوە.. لە دوای ژیانی سەر پردو تاراوگەیی وا گەرامەوە تا تابلۆیەکی کۆکراوەی ئەو شارەت بۆ بکێشم کە لە تۆ ئەچێ..

حەسەن: خالید ئەوە چییە خەریکی چیت؟ تۆ بۆ ئەوە هاتیتەوە هەر تابلۆ بێنیت و ببەیت؟. من دەمێکە چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆم خالید

خالید: بەڵێ 25ساڵە ئەگەر تابلۆ نەبوایە.. تەنیا باڵی ئەی کوشتم.. ئەگەر دواجار ژیان نەبوایە تابلۆکێشان ئەیکوشتم.

ژیان: نەکەی بیر لەوە بکەیتەوە نەیەیتە زەماوەندەکەم.. چاوەڕوانی خۆت و تابلۆی شارەکەشم.. بەڵێنت دەدەمێ لەوێ پێکەوە دواهەمین سەما لەگەڵ تۆدا ئەکەم.

خالید: دوا ئارەزووت چێژ وەرگرتنە لە ئازاری من

ژیان: لەبەر تۆ ئەو شارەم خۆشویست.

خالید: من بۆ؟

ژیان: چونکە خۆشم ویستی.

خالید: ئەی شوو بە ئەو دەکەیت؟ بۆ.. چۆن دەبێ ناوی باوکت وێرانکەیت؟ تۆ هەر تەنیا ئافرەت نیت.. تۆ نیشتمانیت، ئەی ناترسی رۆژێک مێژوو ئەمە دەنووسێت؟

ژیان: تۆ هەر پێتوایە مێژوو وەکو فریشتەی چاکەو خراپە لە سەر شانمان دانیشتوون.. تا سەرکەوتن و نوشستیمان بنووسن؟ ئیتر مێژوو هیچ نانووسێت، هەر ئەیسڕێتەوە.

خالید: ئاخ مێژوو.. خۆشەویستەکەم هەڵەمانکرد.. نیشتمان بە تەباشیر ناکێشرێت و خوشەویستیش بە بۆیەی نینۆک نانووسرێت.. هەڵەمانکرد.. مێژوو لەسەر تەختە نانووسرێتەوە.. هەڵەمانکرد.. ئێستا لەو شارەدا هەموو تەختەسڕێکیان هەڵگرتووە و مێژووی نووسراو ئەسڕنەوە، مێژوویەکی درۆ بە تەباشیر ئەنووسنەوە، هەرچی ئەسرنەوە بیسڕنەوە.. تەنیا باڵەکەم مەسڕنەوە..

وەرە ژیان با دان بەوەدا بنێین کە هەردووکمان تێکشکاوین.. من ئەو پیاوەم کە لە ئافرەتەوە کردیتییە شار، تۆش لە بەردێکی بە نرخەوە کردت بە چەو.. بۆ وات کرد لە بیرت چوو؟. ئەی ئافرەتی نیشتمان ئاسا.. نیشتمان هەیە کە هەموو بیانو،یەکی مەرگ بەرهەم دێنێ و کەچی بیری بەرهەمهێنانی گوێزانی ریشتاشینی نابێ.. لێم گەڕێن با دوا تابلۆی شارەکەم بکێشم.

(خەریکی تابلۆ کێشانە)

نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم.. لە پردەکەی ناوەڕاستی شارەوە.. یان لە تاوێرەکانی قەراخ شارەوە.. (روو لە ژیان ئەکات) تۆ نەبوویتایە هەرگیز بیرم لەوە نەئەکردەوە بگەڕێمەوە بۆ ئەم شارە.. شارەکەم.. نیشتمانەکەم.. کە باڵێکم پێشکەشی کرد و ئێستاش تۆ ئەتەوێ ئەو باڵە ساغەکەم ببرمەوە پێشکەشتی بکەم..

ژیان: تۆ ئەبوایە کچم بوویتایە.. چونکە پێش 25ساڵ من ناوم نایت.. وەسیەتی باوکت بوو.. چۆن بیر ئەچێتەوە.. ئەو کاتەی کە بریندار بووم بە فەرمانی شۆڕش ئەبوایە بهاتمایە بۆ ئێران بۆ چارەسەر، لەوێ باڵی ڕاستیان بڕیمەوە.. باوکت ئەو سەرکردەیەی کە تۆی نەبینیبوو.. پێی وتم کەناوت بنێم ژیان.. ئێوارەیەکی درەنگ ماڵەکەتانم لە ئێران دۆزییەوە کە لە دەرگام دا، نەنکت دەرگای کردەوە، کە بینیمی خەریک بوو ببوورێتەوە،

دەستیم گرت و ماچم کرد، پێی  وتم کوا دەستی راستت، وتم بەخشیم بە نیشتمان.. وتی ئەی تایەر؟  وتم هێشتا لە شاخەکاندا سەرکردایەتیی شەڕ ئەکات و سڵاوی هەبوو، وتی بەم زووانە نایەمەوە..

کە هاتمە ژوورەوە تۆ منالێک بووی بە گاگۆڵکێ هاتیتە باوەشم، ئەو کات ماچم کردی، ماچێک کە لە ماچی نیشتمان ئەچوو، هەر ئەو شەوە وەسیەتی باوکتم گەیاند و ناویان نایت ژیان.

تایەر ئەی ئەو پیاوەی کە هاوگەڕەک و هاوکۆڵان و هاوشار بووین، من تۆ و مردنی دایکم نەبوایە نەئەبوومە پێشمەرگە.. دایکم ئەو ژنەی دوای مردنی باوکم لە ئامێزی خۆشەویستیدا نوقمی کردم.. بەڵام دایکم مرد.. منێکی بێ دایک بۆ دایکێک دەگەڕام کە هەتیویم لە کۆڵکاتەوە، بۆ دایکێک کە خۆشەویستیم بۆ بکاتەوە.. گەڕام.. نیشتمانم دۆزییەوە خۆم خستە کۆشی و لە هەتیوی نەجاتی دام و بوومە پێشمەرگە. رەنگە نیشتمان زانیویەتی کە من بێ دایکم بۆیە تەنیا باڵێکمی پێویست بوو بۆی بەختبکەم.. بەڵام تایەر پاڵەوانی بەرەی شەڕە قورسەکان دایکی هەبوو تۆی هەبوو، بۆیە نیشتمان بە شەهیدبوون نەبێت لێی رازی نەبوو..

کە تایەر شەهید بوو نەنکت بڕوای نەکرد، هەموو رۆژێ کە پۆلێ پێشمەرگە ئەگەڕایەوە بۆ ئیسراحەت، دایکت هەر هەواڵی تایەری ئەپرسی، تا دواجار شۆڕش سەرکەوت.. ئەیانووت هەموو خەڵکی هەلهەلەیان ئەکێشا تەنیا نەنکت نەبێت.. کە شیوەنی ئەکرد.. پیان وت دایە شۆڕش سەرکەوت تۆ بۆ ئەگری، ئەویش بە دەم شینەوە ئەیوت، بۆیە شین ئەکەم ئەمڕۆ تایەر شەهیدبووە، چونکە ئیتر ناتوانم لە چاوەڕوانی تاهیردا بژیم، ئەمڕۆ زانیم تەواو تاهیر ناگەڕێتەوە.

خالید: من ئەو کاتە لە پاریس بووم.. ئەو شارەی کە تۆم تیا ناسی.. هەر لە پاریس بە تەنیا دەستەکەم وێنەی ئەو پردەی شارەکەم کێشا کە تۆ یەکەمجار بینیت و پێت  وتم تەمەنی ئەو تابلۆیە چەند مانگێ لە تەمەنی تۆ گەورەترە.. خۆزگە نەهاتیتایە و نەمناسیتایە.. بۆ ئەوەی تووشی ئەم ئازارەم نەکەیت.. بۆ یەکەم جار کە هاتیتە پیشانگاکەمەوە لە پاریس.. سەیری دەستم کردی ئەو بازنانەت لە دەستا بوو کە لە بازنەکانی دەستی دایکم ئەچوو، ئەبوایە تۆ دایکم بوویتایە.. هەموو قسە و رۆشتنێکت لە دایکم ئەچوو، نازانم رەنگبێ ئەوە هۆیەک بووبێ بۆ ئەوەی تۆم خۆش بوێ.. ئێستا وا منت هێناوەتەوە بۆ ئێرە تا بۆ دواجار تێکم بشکێنی.. من هەر دێم، داواکەت بەجێ دێنم سەیری ئەو زەماوەندە مەهزەلەیە ئەکەم کە تۆی تیا ئەبەن بە بووکی بۆ پیاوێکی مشەخۆری دوای شۆڕش، چۆن رازی بوویت؟ خۆ تۆ هەم کچ و هەم دایک و هەم خۆشەویستم بوویت..

تۆش لە شارەکەم ئەچی، هەرچی ئەکەم ناتوانم کۆت بکەمەوە و لە تابلۆیەکدا بتکێشم.. شارەکەم شەوان تاریکی ناهێڵێ بۆیاخی سپی بەکاربێنم بۆ وێنە کێشانی.. لە تاریکیدا نووقم بووە.. ئاخ تۆو شارەکەم تاکە گوناهێکمن کە نەمکردبێ.. گوناهی ماچکردنی تۆ و خیانەت لە شارەکەم دوو گوناهن کە نەمکردووە، بۆیە رەنگبێ خوا هەر لە بەر ئەو دوو گوناهەم کە ئەکرا بمکردایەو نەمکرد، بمباتە بەهەشت. ماچی منالێت ماچی کچێکم بوویت، ماچی ئێستات ماچێکە گوناهێکی گەورەیە لە تاهیر و نەمکرد.

حەسەن: خالید..

خالید: حەسەن تاقە برای بچوکم، ئێستاش لە بیرمە کە چوومە شاخ ئەو کاتە تەمەنت 15ساڵ بوو، وڕکت لێم گرتبوو، ئەتوت بۆ کوێ ئەڕۆی منیش دێم، نەمهێشت.. داتە پرمەی گریان و وتت بۆ بە تەنیا بەجێم دێڵی، ئەی من بە تەنیا چی بکەم؟.. منیش ئەمووت حەسەن تۆ تەنیا نیت.. هەموو ئەم شارە و من و گۆڕەکەی باوکمان هی ئەوەن شانازییان پێوە بکەیت.. باوکم ئەو باوکە کەللەڕەقەی کە هەر بە شەق و زللە گەورەی کردین، کردینی بە ترسنۆکترین کوڕانی ئەم شارە، ئەزانی قەت بە بێ یەک نە ئەچووین بۆ مەکتەب تا منالانی کۆڵان لێمان نەدەن،

من پشتم به تۆ بەستبوو تۆش بە من.. نەمان ئەوێرا لە شەڕەگەڕەکەکانی شاردا لەگەڵ منالانی تردا کیسەخۆڵ فرێدەینە ماڵی خەڵکەوە.. نەمئەوێرا زەمق بدەینە سەر جەرەسی ماڵانەوە.. لەو کۆڵانەی کە ئێستا نامناسێتەوە منالێکی شەرمن و ترسنۆک.. کۆڵانی حەمە و جەمال و حەیدەرو منالانی تر کۆڵانێک کە ئەو کاتە وەکو شارەکەم کۆڵانی هەموان و شاری هەموان بوو، بەڵام ئێستا هی کۆمەڵێکە و هی هەموومان نییە. حەسەن کە باوکم بەو مەردییە مرد، ئێمەش ئازابووین، مردنی باوکمان ئازای کردین.. مردنێک کە هەموو شاری هەژان، مردنێک هەموو منالانی شاری ئازا کرد.. ئەو ڕۆژە لە بەر ئەوەی باوکم لە کۆڕوکۆمەڵدا خەڵکی هانئەدا بۆ ئەوەی بدەنە شاخ، جەندرمەکانی دەوڵەت وەکو سەگ دابارینە سەرماڵمان، بە زەحمەت باوکمیان گرت باوکم ئەیزانی ئەیبەن بیکوژن، بە کوشتنەکەی لەزەت ئەبینن و پێی پێئەکەنن.. باوکم لە ناوەڕاستی پردەکەی ناوشارەوە خۆی ڕاپسکاندو خۆی خستە خوارەوە، نەیهێشت دووژمن لەزەت لە کوشتنەکەی ببینێ.. ئای چ مەرگ و زەماوەندێک بوو.

حەسەن: کە یەکەمجار لە فرۆکەخانە هاتمە دەرێ چاوم گێڕا بە شاردا بە شارە نیشتمانەکەم، ئەو دایکەی لە خۆشویستن و رقلێبوون.. سۆز و توونديدا، بە سۆزێکی هەڵەشە، منی کردووەتەوە بە لاوە شەرمنەکەی سی ساڵ پێش ئێستا؟

ئەم شارە نیشتمانەی، کە هەواڵگر و شانپان و دەستپیسەکان لە دەرگای شەرەفیەوە ئەمدیو دەکەن و منیش لەگەڵ غەوارە و بازرگانانی جانتاو کۆڵاندا بە ژووردەنێ.

ئەرێ دەمناسێتەوە؟ لە ژنێکیان پرسی(کام منالەت لە هەموان خۆشتر ئەوێ؟ وتی، رۆشتوويان تا دەگەڕێتەوە، نەخۆشیان تا چاکدەبێتەوە، بچوکیشیان تا گەورەدەبێت.

من ئەو رۆشتووە بووم کە نەگەڕابوومەوە، ئەو نەخۆشەبووم کە چاک نەبووبوومەوە، ئەو بچوکەشبووم کە گەورەنەبووبووم.

حەسەن: خالید.. بۆ هاتیتەوە؟ من دەمەوێ ئەم شارە جێبهێڵم

خالید: حەسەن نازانم بۆ هاتوومەتەوە، هاتوومەتەوە تا تابلۆیەکی شارەکەم بکێشم، یان تابلۆی مەرگێکی گەوجانەی تۆ، پەلەمەکە هێشتا زەماوەندەکە دەستی پێنەکردووە تا شیوەن بکەین، حەسەن پەلەمەکە تۆ هەموو خەون و یادگاری منالیمی.. تۆو شارەکەم ئەو یادگاریانەن کە خۆشەویستیم تێکئەشکێنێ، ئەزانی ئەوانەی هیچ یادگاریی منالییان لەم شارەدا نەبێت هەرگیز ناتوانن وەکو من و تۆ خۆشیان بوێ..

ژیان: خالید وەرە، من چاوەڕوانی تۆمە

خالید: ژیان ڕاوەستە تۆش هەر لەو شارەم ئەچی کە بەبووکێنی ئەتبەن بۆ کەسێک هیچ یادگاریی منالی لەگەڵتا نییە بۆیە ناتوانێ خۆشی بوێت، لە باوەشت بگرێ، هەر وەکو شارەکەم چۆن ئێستا بێ یادگارەکان بە درۆوە لە باوەشیان گرتووە خۆشیان ناوێ، هەر ئەوەندە خۆشیان ئەوێ تا لێی پڕ ئەبن و لێی تێر ئەبن.

ئێرە ئەو نیشتمانەیە کە ڕۆژێک بە دایکم گۆڕییەوە؟ پێموابوو هەر ئەو دەتوانێ لە گرێی منالێتی ڕزگارم بکا، لە هەتیویم و سەرشۆڕیم. ئەمرۆ دوای ئەو هەموو تەمەنە ئەزانم هەتیوی نیشتمانیش هەیە..

دواجار هاتمەوە.. هاتمەوە تا دواجار شووکردنی تۆ و لە گۆڕنانی خۆشەویستییە شێتانەکەم ببینم، هاتمەوە تا حەسەن و تۆ لە گۆڕنێم..

(ئەگەڕێتەوە بۆ سەر تابلۆکە)

دواجار والێرە لە بەردەم ئەم تابلۆیانەدا، لە بەردەم قوماشێکی سپیدا تابلۆیەکی شارەکەم بکێشم بۆت.. نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم.. ئەم شارە سێگۆشەیە کە هەر لە سێگۆشەی بەرمۆدا ئەچێت و وا وردە وردە هەمووومان

هەڵدەلوشێ.. ئەو شارەی وەک شارەکانی تر لەسەر زوڵم دروستکراوە و ئێستا ئەیەوێ زوڵمم لێبکا و تۆڵەی ئەو زوڵمەی خۆی بکاتەوە، هەروەکو تۆ ئەتەوێ بە ئازارێکی بە سوێوە بمکوژی.

فڵچەکە هەڵئەگرم و دەمەوێ دەستپێبکەم، لە ناکاو هەستئەکەم شەرم لەم شارە ئەکەم، ئەی لە ئاکامی بڕیارێکی شێتانەدا نەهاتوومەتە ئێرە، ڕەنگە لە شارێکدا بە دوای شێتیدا وێڵبم کە خەریکە ئەمسوتێنێ.

حەسەن: خالید.. من لە ژیانی ئێرە بێزاربووم.. دەڕۆم..

خالید: حەسەن ژیانی تۆ بەختەوەری و خەمێکی دیم بۆ دێنێ، ئەو شەوانەم بیردێنێ، کە هەمیشە لەگەڵ فاتمەی خێزانتا مشتوومڕتانە لەسەر گۆڕینی ئەم کەلاوەیەتان من نازانم چۆن ئەتوانی قەناعەت بە فاتمە بکەیت کە دەبووە شەڕە قسەتان، ئەهاتیتە لام و دەتووت(ژنێک زنجیرەی دالاس لە تەلەفزیۆندا ببینێ، ناکرێت قایلی بکەیت لە ماڵێکی وادا بژی، ئەوان کە نەتوانن خانوویەکی باش یان ژیانێکی باشتر بۆ ئەم خەڵکە دابین بکەن، ئەوا دەبێ ئەم زنجیرانە لە تەلەفزیۆن لێنەدەن..

تۆ کە مامۆستای زمان بیت دەبێت خەون بە چییەوە ببینی؟.. بەوەی ڕۆژانە خەریکی دەقی ئەدەبی و گێڕانەوەی ژیانی نووسەران و شاعیران بیت، نا لە ناخی تۆدا تاڵاوێکی نادیار هەیە، ماندوویت و نوقمی گرفتی شەش مناڵەکەت و ژنێکی گەنج کە خەون بە ژیانێکی ترەوە دەبینێ.

لە ژیانی ڕۆژانەی حەسەنەوە ژیانی ئەم شارە ئەزانی.. ئێرە جاران نیشتمانێک بوو لەگەڵ هەر دەنگوباسێکدا خەونمان بۆ گەلانی دونیا دەنارد.. ئێستا باسی کامە ژیانی ڕۆشنبیری دەکەیت؟ ئێمە کۆڵمان تەنیا بە ژیانەوە هەڵگرتووە و هیچی تر.. بووینەتە نەتەوەیەک لە مێروولە، کە بە شوێن خۆراکی و بەردێکدا دەگەڕێ تا خۆی و بێچووەکانی تیا حەشار بدات و هیچی تر.

خالید: باشە خەڵکی چی بکەن؟

حسن: خەڵک؟ هیچ.. هەندێک چاوەڕوانەو هەندێکیش خەریکی دزینە و.. هەندێکیش هەڵدێن.. ئەم شارە ئەو سیانەی بۆ هەڵبژاردوویت.

خالید:(بۆ ژیان) لە قسەکانی حەسەن و تێرامانم لەم شارەدا، هەر وەکو تۆن، هەرچی بکەیت ناتوانی هاوسەنگییەک بدۆزیتەوە.. باسی کام هاوسەنگی ئەکەیت؟ ئێمە گەلێکی نیمچە شێواوین، کەسیشمان تەواو نازانێ چیی دەوێ.. تێگەیشتم گرفتی سەرەکیی ئەو نوشووستییە کە گەلێکی تەواوی تێکەوتووە، ئەوەیە کە ئارەزووی دەستپێشخەری و خەون و پلانت ناهێڵێ.. نە ڕۆشنبیر بەختەوەرە، نە نەزان، نە ساویلکە، نە دەوڵەمەند.

ژیان: تۆ خەریکی چ باسێکیت.. وەرە بۆ زەماوەندەکەم.. خۆشم ئەوێیت.

خالید: تۆش منت وا شێواندووە ئارەزووی تابلۆکێشانیشم نەماوە، بۆ بانگتکردم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ئەم هەموو ئازارە بچێژم؟

با وابێت، با سبەینێ ڕێوڕەسمی شاییەکەت دەستپێبکات و کۆتایی ئەم ڕۆژگارە بێت، من نەئەبوایە خۆشم بویستیتایە، چونکە تۆ کچی تاهیری هاوسەنگەرم بوویت، ئەبوایە بەشێکی یادگارییەکانم بوویتایە، بەڵام ئەو کاتە گوناهم کرد ئێستاش وا هاتووم ئەم تابلۆیەت بە دەستێکەوە بۆ دەکێشم تا بۆ دواجار لێت پاکببمەوە، ئەتوانم؟ نازانم. ڕەنگە شێت بم.. هەڵبێم بە دەوری شاردا بسوڕێمەوە، نەزانم چی بە تووڕەبوون و کڵۆڵییەکەم بکەم.. لەم نیشتمانەدا کێ بەردباران هەڵدەگرێ؟ کێ؟ ئەوەی لەسەر هەموان دانیشتووە، یان ئەوانەی لە سەرمان دانیشتوون.. یان بەو ڕۆژنامانەی بە فەردە بەڵێنی دواڕۆژێکی باشترمان پێڕائەگەیەنن؟ بۆ کوێ هەڵبێم هەر دێمەوە بەر قاپیی تۆ تا بۆ دواجار تێت بڕوانم..

(بۆ لای تابلۆکە) بگەڕێمەوە تابلۆکەت بۆ تەواوکەم، بەڵام ئەمجارەشیان لە کوێیەوە دەستپێبکەم، لەو خەڵکەوە دەستپێبکەم کە دەیان ساڵ لە دوای دونیاوەین و لافی شۆڕش لێئەدەین.. زەوی دابەشدەکەین و ناوی شۆڕشی لێدەنێن و هەر خانوو دروستدەکەین و لە سەردیوارەکانی دەنووسین شۆڕش.. کامەیە شۆڕش؟

ناتوانم.. نازانم لە کوێیەوە دەستپێبکەم.. چۆن بتوانم تۆ و خەونەکانم و ئەم شارە لە تابلۆیەکدا جێبکەمەوە؟.. ئەو شارە نیشتمانەی لە دووڕووەوە وەکو یەکەو.. وا منیش لە چەند رۆژێکدا وەک ئەم شارە بوومە پیاوێکی دووفاق و بۆم دەرکەوت شاری هەیە دووڕووە.. هەشە دووڕووییەکەی کەمترە و هیچی تر نا..

ژیان من بە تۆش و ئەم شارەوە نەخۆشم..

دەنگ: بەری بەیانە رووناکە ئاسۆ.. ئاسۆی گەلی کورد مژدە بێ لە تۆ...

خالید: ئەم وەچەیە چاوەڕێی بەری بەیان ناکات، لە وەتەی یخیان داوین و لە سەرمان دانیشتوون چاوەڕیی پەساپۆرتێکە تا هەڵبێت.. ریزی مردوانیشمان لەسەر سنورەکان وەستاون و چاویان لە هەڵهاتنە.

ژیان: درەنگە نایەی بۆ شاییەکە؟

خالید: نایەم.. بۆ پەلەتانە.. من هێشتا دەستم بە نەخشاندنی تابلۆکە نەکردووە.. پەلەی چیتانە؟.. من چاوەڕوانی شین و شاییم..

ئاخ ئەگەر بۆ من بوویتایە.. ئەوا بە جۆرێک دەمکردیتە هی خۆم، کە هیچ ئافرەتێکی ترم وا لێنەکردایە.. لە ساتە شێتیەکەمدا.. بە تاکە دەستەکەم دەمگوشیت و وردووخاشم ئەکردیت و دەمکردیتەوە بە هەویرێک کە بۆ دروستکردنی ئافرەت بشیایە.. ئەمکردی بە هەر شتێک جگە لە خۆت، هەر شتێک کە لە تۆ کەمتر لە خۆبایی و کەمتر تووڕەبوایە، منێک کە تاقە دەستەکەم لە رووی هیچ ئافرەتێکدا بەرز نەکردۆتەوە، رەنگە ئەو رۆژە وام لێبدایتایە ئازارت پێبگەیشتایە، ئەنجا ئەوەندەشم خۆشبوویستایە ئازارم پێت بگەیاندایە.. دواتریش داوای لێبووردنم بکردایە. هەموو شوێنێکم ماچکردیتایە.. ئەو هەموو شێتییەم لە کوێوە بۆ هات..

من و تۆ و ئەم شارە، شارێک کە لە توندڕەوی و شێتیدا لەگەڵمان گونجاوە.. شارێکی سادی کە تام لە ئازاردانی رۆڵەکانی دەبینێ.. شارێک کە بێ هیچ تاوانێک رق ئەبەخشێتەوە.. خۆشەویستی لە بار ئەبات.. ئەوەتا ئێمە بێ هزر لە نێوان چایخانە و مزگەوتەکاندا بۆ قەدەری خۆمان دەگەڕێین، ئێمە کیسەڵی بە سەر پشتا کەوتووین، چاوەڕێین یەکێک بێت و هەڵمانگێرێتەوە تا تۆزێک بڕۆین.

حەسەن ئەوە شارەکەمە هەندێک نوێژ دەکاو هەندێک مەست دەبێت و هەر لەو کاتەشدا ئەوانی دی وڵات زەوت دەکەن.. حەسەن پێم بڵێ ئەمە ئەو شارەیە کە خۆشەویستیی ئەبەخشیەوە.. ئێستا بۆ وای لێهاتووە؟ ئەو شارەی (ژیان)م لێ زەوت ئەکات و ئەیخاتە باوەشی گرگنێکەوە.. پێم بڵێ تۆ ئەم زەماوەندە بە ئاسایی دەزانی، کچێکی 25 ساڵە ببێتە ژنی دووهەمی پیاوێک جگە لە لەزەت خۆشەویستی نازانێ؟

حەسەن: بۆ ئاسایی نییە، ئەوە یەکەمین ژنهێنانی لەو جۆرەمان نییە، دواهەمینیشیان نابێت، زۆربەی پیاوە گرنگەکان لێرە لە دۆستێک زیاتریان گرتووە، زۆربەشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان وازیان لە ژن و منداڵیان هێناوە، تا ژنێکی بچوکتر و جوانتر و رۆشنبیرتر لە ژنەکەی یەکەمیان بێنن، تۆ ناتوانیت رێگە لە پیاوێک بگریت کە ئەستێرەیەک بۆ سەرشانی زیادکرابێ و ژنێک لە ماڵەکەیدا زیادنەکات، یان کەپلەیەکی وای وەرگرتبێ کەبەخەونیش بە خۆیەوە نەدیبێ، بە دوای کچێکدا نەگەڕێ کەهەمیشە خەونی پێوە دەبینێ.

حەسەنیش بە شووکردنەکەت قایلە، بەڵام لە سوێیەی ناخی من ناگات، تۆیش قایلی بەم شوکردنە، گەر قایلی بۆچی منت تا ئێرە هێنا.. بۆ..؟

ژیان: له بەر ئەوەی دوا سەمای خۆشەویستی بکەین.

خالید: باشە قایلم.. بۆ زەماوەندەکەت قاتە رەشەکەم لە بەردەکەم، ئەم رەنگە سەیرە دەکرێ بۆ خۆشی و پرسەش لە بەربکرێت. هەر رەنگەو زمانی خۆی هەیە، بۆ رەنگی رەش نەپۆشم کە ئەمڕۆ بۆ زەماوەندێک و کۆستێک خۆم ئامادەئەکەم و ئەو خامە سپیەش بە وێنەی شارەکەم رەش ئەکەم، ئەو شارەی کە لە تۆ ئەچێ و هەر یەکە بە رەنگێ رەنگی ئەکات، هەموو دەیەوێ رەنگەکانی ئەو بپۆشی، رەنگەکانی تریان لاپەسەند نییە و دەبێ هەر بە ئارەزووی خەڵکیش رەنگ بپۆشی، بەڵام نا من جیا لە وان بە ئارەزووم قاتی رەش لە بەر ئەکەم و دێمە ئەو زەماوەندەت، کە دوا بینینی من و تۆو ئەم شارەم ئەبێ.

(قاتی رەش لە بەر ئەکات و دەکەوێتە رێ)

رێگەم بدەن.. با بۆ دواجار بە نێو شاردا بەرەو هۆڵی زەماوەندەکەت بێم.. بۆ دواجار ئەو شەقام و پردانە ببینمەوە کە نەمتوانی تابلۆی کۆکراوەیان بکێشم، بپرسم ئەرێ هۆڵی زەماوەندی تۆ لە کوێیە؟.. ئەوەتا دووکانەکەی حاجی عەباس.. چایخانەکەی نەسرەدین.. هیچیان لە جێی خۆی نەماون، لێرە هیچ وەکو خۆی نەماوە، هەموو پێناسەکان گۆڕاون، گەنج بووەتە پیرو پیریش بووەتەوە لاو.. هیچ پێناسەیک نەماوە.. شەهید بووە بە تاوانبار و بکوژیش بە قوربانی.. ئەڵێم کوا هۆڵی زەماوەندی شار، ئەڵێن بڵێ هۆڵی پرسە.. کوا پێناسە و مانای راستەقینەی شتەکان.. پاک بووە بە پیس و پیس بووە بە پاک، نەزان بووە بە زاناو زاناش بووەتە نەزان، ئیتر لە زەمەنی نەمانی پێناسەکاندا.. هەر یەکەو بۆ خۆی پێناسە بۆ خۆی دروستئەکات.. بگەڕێن بە شوێن پێناسەیەکدا کە پڕ بە باڵای خۆمان و ئێرە بێ.. کە پڕ بە ئازاری من و تۆ بێ.. کام پێناسە..؟ وێرانە.. باشە پێم بڵێن لەم وێرانەیەدا چۆن هۆڵی زەماوەندی تۆ بدۆزمەوە؟.

(دەچێتە هۆڵی زەماوەند، مۆسیقای شایی.. هەلهەلە، ژیان جلی بووکێنیی پۆشیوە و لە چوارچێوەی تابلۆکەدا بە پێوە وەستاوە)

ئەوەتا زەماوەندەکەشمان هەر لە وێرانە ئەچێ.. ئەوەتا بە پێچەوانەی منەوە جلی بووکێنیی سپیت پۆشیوە و هەلهەلە ئەکێشرێ و پارەی کاغەز دائەبارێ، ئەوەتا هەموویان وان لێرە، وەک هەر زەمانێکی تر هەموو لێرەن، خاوەن گشت سەردەم و رۆژگارێک، خاوەنی جانتا دبلۆماتییەکان، خاوەنی ئەرکە بە گومانەکان، خاوەنی بەختیاری و نەگبەتی.. خاوەنی رابردووە نادیارەکان.. وان لێرە.. خاوەنی بیردۆزی شۆڕشگێڕی و دەستکەوتی خێرا.. مێشک پوت و خاوەن ڤێلای مەزن.. وان لێرە.. دەیانناسم و خۆم لە زۆربەیان گێل دەکەم.. تا مەزنانی گەڕەک نەمرن.. دەیانناسم بەزەیم پیایاندا دێتەوە.. لە دەوڵەمەندی و هەژاریدا چەند کلۆڵن.. لە زانین و نەزانیدا چەند کلۆڵن.. وادیارە کەسیان بەختیار نین.. سەیرەکە لەوەدایە هەموویان سکاڵایانە و رەخنە لە بارەکە ئەگرن و نیشتمانیش پڕ جنێو ئەکەن.. وەک ئەوەی خۆیان بەشێک لە پۆخڵیی نیشتمانەکە نەبن و هۆیەکی ئەو کارەساتانە نەبن کە بە سەرماندا هاتووە.. ئۆی وشەیەکی دیگۆڵم لە بیرە دەڵێ وەزیر مافی سکاڵای نییە.. چونکە کەس زۆری لێنەکردووە ببێتە وەزیر.. هەر گوێبیستی سکاڵاکانیانم.. ئەی پێم بڵێن خەتای کێیە؟

نا حەسەن کەواتە خەتای تۆیە کە بارەکە وای لێهاتووە.. چونکە بە هەمووشتێک رازیت و شوکرانەی خوا ئەکەیت..

ژیان: ئۆی خالید هاتیت.. ئەترسام نەیەیت(دائەبەزێتە خوارەوە و لەگەڵ خالید سەما ئەکات)

خالید: ئەوا هاتم و لێرەم بۆ دواجار بە نیگا ماڵئاوایت لێدەکەم.. ئێستا ئەزانم کە تۆ بۆ خەڵکییت نەک بۆ من، گەر بۆ من بوویتایە ئێستا ئەم شارە پیرۆزبایی لێدەکردین.(دەستی بەرئەدات و واز لە سەما دێنێ) ناتوانم

زیاتر سەیری هەتککردنی تۆ و شارەکەم بکەم و وا دەڕۆم ئیتر هەرگیز نامبینیتەوە.. ئیتر کەسێکی تر نادۆزیتەوە تابلۆی ئەم شارەت بۆ بکێشی..

ژیان: نا خالید بە تەنیا جێم مەهێڵە.. ئەمەوێ تا دواساتی زەماوەندەکەم لێرە بیت.

خالید: (دەڕوات و ژیان جێدێڵێ و دەگەڕێتەوە لای تابلۆکە، دەنگی دەفی دەروێشی دێت).

سڵاو سەیدی پیرۆز، پیاوانی خواناس ئەمشەو لەگەڵما بوەستن، ئەمشەو من ماندووم دەستم لێ بەرمەدەن.. ئەی باوکم دەروێشی ئێوە نەبوو؟، شێخی پیرۆز تۆ لەو ڕێوڕەسمە پیرۆزانەدا شیشی سورەوەکراوت بە لەشی خۆتدا دەکرد و دیوادیو دەتسمی و ئەمجا بێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێکی لێوەبێ دەرت دەکێشایەوە.. تۆ بوویت ئاسنە سورەوەکراوەکەت دەکرد بە دەمتاو بە لیک پشکۆکەیت دەکوژاندەوە و نەدەسوتایت.. ئەمشەو فێرم کە چۆن چۆنی ئازاری خۆم بدەم خوێنم لێ نەتکێ؟.. فێرم کە چۆن ناوی بێنم و دەمم نەسوتێ.. خۆشمدەوێ..

شارەکەم تۆشم خۆشدەوێ.. کەس لە شێتی و نهێنی خۆبەستنەوەم بەم شارەوە ناگات.

من هەمووی بۆ ئێوە بەجێدێڵم.. تۆیش و شارەکەم.. بە مەرجێ باڵە بڕاوەکەم بدەنەوە، بمدەنەوە ئەو تاقە باڵەم بدەنەوە کە پێشکەشمکردن.. هەمووی بۆ ئێوە شەوی بووکێنی و لەزەتەکانی بۆ ئێوە، بەس تەنها باڵەکەم بدەنەوە. (تاریکی و دەف بەردەوامە)

ژیان: خالید (لە دەرگا دەدات)

خالید: لە دەرگا مەدە..

ئەوەندە لە دەرگا مەدە.. چونکە من لێرە نەماوم

هەوڵی گەڕانەوەت لە دەرگاکانی پشتەوە و ئەو پەنجەرانە مەدە کە گەردەلوولەکان واڵای کردبنەوە.. خانمەکەم ئەوەندە لە دەرگا مەدە، چونکە دەرگام نەماوە.. ئەوەتەی دەستبەردارت بووم دیوارەکانیش وازیان لێهێناوم.. ئیتر بە دەوری ماڵێکدا مەسوڕێوە ماڵی من بووبێ.. لە دووی پەنجەرەیەک مەگەڕێ کە دز ئاسا خۆتی لێوە ئەمدیووبکەیت.. چونکە هەمووشتەکانت لێ دزیم و هیچی وام نەماوە سەرکێشی بهێنێ.. ئەو هەموو لێدانە بە ئازارە بە دەرگاکەدا مەکێشە.. خانمەکەم کەواتە لە سەرخۆبە.. کە بەسەر پردەکانی شاردا ڕێدەکەیت لە سەرخۆبە.. ئەی ئەو ژنەی خۆت لە پۆشاکی دایکم و عەتری دایکم و ترسی دایکمدا بۆ حەشارداوم.. من ماندووم.. وەک پردەکانی شار.. وەکو ئەوانیش لە نێوان دوو پێرەودا هەڵواسراوم.. ئیتر ئەم هەموو ئازارە بۆ؟.. بۆچی.. تۆ درۆزنترین دایک و منیش گەمژەترین دڵدار بم؟.. لە یەک بە یەکی دەرگاکانی شار مەدە.. من لەم شارەدا ناژیم.. ئەو لە مندا نیشتەجێیە.. سەر پردەکانم بۆ مەگەڕێ، ئەوان منیان لە کۆڵ نەکردووە.. هەر من ئەوانم هەڵگرتووە.. کەواتە ئیتر لە مەودوا تاراکەت داکەنە و ئەوەندە لە دەرگا مەدە.. ئیتر نە حەسەن لێرە ماوەو نە من.. لە دەرگا مەدە.

ئەی وێرانە جوانەکەم سڵاو.. وەنەوشەی شینبووی سەر ئاگردانم سڵاو.. تۆ نیشتمانێکت بە تەواوی لە ناخمدا کوشت.. کەواتە جیابووینەوە.. نە لەگەڵما درۆزن بوویت.. نە تەواو ڕاستگۆش بوویت.. نە کچم بوویت و نەبەتەواوی دایکیشم بوویت.. تۆ خۆشەویستم بوویت.. ڕۆژانێک خۆشتدەویستم و بە دوای کۆپییەکی تری باوکدا دەگەڕایت.. کەواتە تەواو ئیتر لە دەرگا مەدە.

حەسەن: خالید.. لە خەونمدا سەفەرم کرد.. هەڵهاتم.. دەڕۆم خالید ئێرە جێدێڵم.

خالید: نەکەی خەون ببینی.. خەون بینین تووشی ئازاری وەک منت ئەکات.. چی خەون بە هەڵاتنەوە ئەبینی؟ نەکەی حەسەن، چی لە شەش مناڵ و ژنەکەت ئەکەیت؟.. نەکەی حەسەن.. حەسەن خەونی هەڵهاتن ئەبینێ،

کارەساتە لە دوای کارەسات.. حەسەن بە دوای خەونی خۆیدا ڕۆی.. ئای بەستەزمان، ئەترسم وەکو من لە نێوان پردی ئەویێ و ئێرە مەراق بتکوژێ..

(حەسەن وەک سواری ئەسپێک بێت و غارئەدات)

حەسەن ئێستا زیاتر هۆگری تۆم.. ئێستا لە تۆ زیاتر لەم دونیایەدا کەسی تر شک نابەم.. ئەی تۆ جێم دێڵی و سەفەر ئەکەیت؟ بۆ کوێ؟ بگەڕێوە سواری ئەو ئەسپە بێ زینە مەبە.. سوارمەبە و غارمەدە بەرەو تاراوگە.. ئەوە ئەسپێکی شێتە و بەرەو نادیارت دەبات، دابەزە ئەو ئەسپە شێتە بەرەو هەڵدێرت دەبات.. دڵم ئەڵێ ناگەڕێیتەوە، بە خەیاڵی تابلۆوە سواری ئەسپی شێت مەبە، ئەو ئەسپانە تەنها لە تابلۆدا وێنەی ئازادین.. لە سەرزەوی نیشانەی شێتین.. نا ئەکەویت خۆت بگرە حەسەن وا ئەو ئەسپە هاربووە و تێکت دەشکێنی.. خۆت بگرە با نەکەوی، خۆت بگرە حەسەن.. خەریکە دەکەوی.. هات.. حەسەن هات.. ئاگاداربە.. ئەو گوللەیە دەتپێکێ.. هات.

(حەسەن لەسەر ئەسپەکە ئەکەوێت). نا حەسەن نەئەبوایە هەڵدێرایتایە، ئەو گوللە نەعلەتییە لە کوێوە هات و لە غاردانی خستی؟.. حەسەن.. حەسەن مرد.. کوشتیان.. مردوو ئیتر ئەمڕۆ کاتی باسکردنی شەهیدان نەماوە و هەر یەکەمان بووینەتە پرۆژەیەکی شەهید.. ئاخ شارەکەم نیشتمانەکەم، هەموو خۆشەویستەکانمت یەک بە دوای یەک و بە شێوەیەک لە شێوەکان لێسەندمەوە، دڵم بووە گۆڕێکی بە کۆمەڵ و خۆشەویستانم هەڕەمەکیانە تیادا نووستوون.. ئیتر قەدەر هەڵی کوتایە سەرم تا براکەشم لێبسێنێ.. ئەو برایەی کە هیچ عاقڵییەک لە مردنەکەیدا نییە.. نە لە بەرەی شەردا شەهیدبوو.. بەڵام کوشتیان.. چۆن کوشتیان..؟ حەسەن بە هەڵە، لەسەر پەیڕەوی خەون بە گوللەیەکی وێڵ سەری نایەوە.. برام خەون بەردەست هەموو کەس ناکەوێ.. دەبوایە خەونت نەدیبا.. خانمەکەم، ئەمە ئەو وێرانە جوانەیە.. چەند وێرانەیەکی ناهەموارە.. شارەکەم ئەو دایکە زاڵەی خۆی بۆ مناڵەکانی ناوەتەوەو سوێندی خواردووە گەر بە لاشەش بووە بۆ لای خۆیمان بەرێتەوە.. وا بە زاندینی و پێکەوە هەرسێکمان گەراینەوە.. تۆ بە زیندووی و حەسەن بە مردوویی و مردنێک وەک ژیانەکەی گەمژەو وەک خەونەکانی ساکار، منیش لە نێوان مردوو و زیندوودا گەڕاومەتەوە.. لە مرۆ بە دوا توانای هەڵاتنم لێی نییە..

(حەسەن هەڵئەگرێ.. دەنگی شیوەن) ئەی دایکە تاوێر گۆڕستانەکەتم بۆ واڵاکە و چاوەڕێمبە براکەمت بۆ دێنم، شوێنێکی بچوکی لای پیاوچاکانت و شەهیدانت و بە گەکانتەوە بۆ بکەرەوە.. حەسەن هەموو ئەوانەی تیا بوو.

وەرە خانمەکەم سەیری ئەم وێرانە جوانە بکە.. دوای تۆزێک زۆربا دێت و شانم دەگرێ، تا پێکەوە بکەوینە سەما.. مرۆڤ وای لێبێ بە کارەساتەکانی بگاتە ڕادەی سەما.. وەرە، نابێ لەم دیمەنە دوابکەویت، ئەوسا دەبینی کاتێک پێغەمبەران نابووت دەبن چۆن سەما ئەکەن.. وەرە، ئەمڕۆ سەمایەک دەکەم پێشتر نەمکردبێ، چەن حەزت دەکرد لە زەماوەندەکەتدا هەڵپەڕم و نەمکرد. ئێستا بە جۆرێک سەما ئەکەم، بازدەدەم وەک مەلی سەربڕاو، بە دەم ئازارەکانمەوە سەما ئەکەم..

وەرە با باوکیشم لەسەر ئەوەی ڕۆژێک چییە لە زیکردا بەشداریم نەکرد لێم ببوورێ. با پێغەمبەران و پیاوچاکانیش لێم خۆش بن.. با هەموویان لێم خۆش بن، وەرە زۆربا من بڕیاری سەماکردنم داوە، سەما بەردەوامیە.. سەما خواپەرستییە.

جا سەیرکە ئەی گەورەترین.. بە تەنیا باڵێکەوە بۆت هەڵدەپەڕم، ئای خوایە هەڵپەڕین بە تەنیا باڵێکەوە چەند زەحمەتە.. چەند بە درەزایە، بەڵام.. تۆ کە باڵەکەی ترت لێسەندمەوە دەمبەخشیت.

لێم دەبووریت.. تۆ کە هەموویانت بۆ خۆت بردەوە.

لێم دەبووریت.. خەریکە خۆشم دەبەیتەوە، سوپاس بۆ تۆ ئەی مەزنترین، لە نەهامەتیدا تەنها سوپاسی تۆ دەکرێت، تۆیەک کە نەهامەتی بەسەر تۆبەکاراندا نەبێ نایبارێنیت. مۆسیقای زۆربام بەرەو روو دێت.. دەی زۆربا مەشقی سەمام پێبکە.. ئەوە وێرانە جوانەکەیە کە لەیەک دەچێ، باوەڕم نەئەکرد بەو ڕادەیە بە سوێ بێ..

خاو.. ئەمجا وەک تاوە گریانێک بە کوڵ

شەرمن.. ئەمجا بوێر وەک ساتی تکا

ڕاڕا.. ئەمجا وەک قاچی سەرباز ئاسا بابڕوا

ئای زۆربا..

ئەو ژنە شویکرد کە من حەزم لێی بوو.. ویستم بیکەمە کۆپییەکەی خۆم، کەچی کردمییە کۆپییەکی تۆ.

حەسەنیش مرد، مردوو لە خۆشەویستیی ئوم کەلسوم و دەنگی عەبدولباست بە لاوە خۆشەویستییەکی تری نەبوو... لە خەونی سەفەر بە لاوە خەونی نەبوو..

وەرە زۆربا.. با ئەمشەو تابلۆکانم بشکێنم تا ڕێگای گەڕانەوە بۆ دڵم نەهێڵم.. وەرە

واحید، ئەی هونەرمەندە مەزنەکە، ئەستەمە وەکو تۆ گڕ لە خۆم بەردەم و لە دوای خۆم جگە لە چوارچێوەیەکی سپی هیچ لە دوای خۆم جێنەهێڵم.. ئاخ واحید تۆش هەرچیت کرد نەتتوانی خەونەکانت و شارەکەت لە تابلۆیەکدا بکێشیت، بۆیە گڕت لە خۆت بەردا، تا خۆشت و خەونەکانت و شارەکەشت بسووتێنی.. بسووتێنی.. وەرە سەیرکە دیوارەکان نەماوە تا وێنەی شەهیدانی تیا بنەخشێنی، شانۆکان نەماوە تا پۆستەر و دیکۆری بۆ بکێشی، ئەمشەو وەرەو فێرم کە چۆن گڕ لەخۆم بەردەم و ئازار نەکێشم، فێری سەمای سوتانم کە، فێرم کە چۆن بە گڕی ئاگرەوە بە هەر چوارلادا شێتانە سەما بکەم، فێرم کە چۆن گڕ لە هەمووشتێک بەردەم و بە ئازاری برژانەوە سەمای بۆ بکەم.. دەی هەمووشتێک بسوتێنە.. پردەکان، تاوێرەکان.. تابلۆکان بسوتێنە و منیش بەو سووتان و گڕەوە سەمائەکەم و شەوی ئەم شارە رووناک ئەکەمەوە.. .

(ئاگر تابلۆکان و سەر شانۆ دەگرێتەوە، سەمایەکی شیتانە ئەکات وەک ئەوەی بسوتێ و گڕی پێوە بێت.. بەردەوام ئەبێت.. تا تاریک ئەبێت)

کۆتایی..

**<u>سەرچاوە:</u>** لە رۆمانی(ذاكره الجسد): احلام مستغانمی وەرگیراوە

---

تێبینی:

1-بۆ دەرهێنانی ئەم دەقە، دەتوانرێت سینەماڤیشن بۆ زۆربەی دیمەنەکان بەکاربێت، بەتایبەت دیمەنی کۆتایی..

2-لە سەرەتاوە تا کۆتایی حەسەن و ژیان هەر یەکەیان لە گۆشەیەکی سەرشانۆ لە ناو چوارچێوەیەکدا ئامادەن، ژیان خەریکی پۆشینی جلی بووکێنییە و حەسەن خەریکی جانتا کۆکردنەوەیە.

3-دەتوانرێت سوود لە ئەکتەری تر بۆ کۆمبارس وەربگیرێت بۆ دروستکردنی دیمەنەکان.

4-دەقەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەقسێکی شیعریی هەیە.. لە بەر ئەوە دەرهێنەر بە پێی تێڕوانینی خۆی ئەتوانێت دیمەنەکان پاش و پێش بخات، بە مەرجێ تەقسە شیعرییە گشتییە کە تێکنەدات.